# نامەیەکی کراوە بۆ کۆمیتەی بەدواداچوون و پێکهێنانی ڕێکخراوە ئازادە کرێکاریەکان

دۆستانی بەڕێز، ئێوە لەو بەیانیەتاندا کە بە بۆنەی یەکی ئەیار ڕۆژی جیهانی چینی کرێکارەوە لە لایەن (کۆمیتەی بەدواداچوون و پێکهێنانی ڕێکخراوە ئازادە کرێکاریەکان)ەوە بڵاوتان کردۆتەوە، هیچ ئاماژەیەکتان بە دەسگیرکرانی ئەو کرێکارانە نەکردووە، کە لە یەکی ئەیاری ساڵی ڕابردوو لە سەقز دەسگیر کران و قەرارە دوو کەس لەو خۆشەویستانە لە یەکی ئەیاری ئەمساڵدا دادگایی بکرێن. ڕاستی، ئەم کارەی ئێوە پێچەوانەی ئەوەیە، کە لە بەیانیەکەتاندا هاتووە.

دۆستان، دادگایی کردنی کرێکارانی سەقز لە یەکی ئەیاردا بە مانای دادگایی کردنی هەموو چینی کرێکارە و بێدەنگی ئێوەش لەمبارەوە پێچەوانەی هەموو ئەو ئیدعایانەیە، کە لە بەرنامەکەتاندا هاتووە. بێگومان ئەم بێدەنگییە مانادارە بە هیچ سیاسەتێک پاساو نادرێ و ئێوە بەم کارەتان ئەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرە دەخەنە ڕوو، کە هیچ ئیدعایەکتان لەگەڵ ئامانجی چینی کرێکار و پێکهێنانی ڕێکخراوە ئازادە کرێکارییەکان ناگونجێ و تێکناکاتەوە.

موزەفەر فەلاحی

٢٠٠٥/٤/٢٦